# دیداری نوێنەرانی ڕێکخراوەی ئازادی ژنانی عیراق لەگەل ڕێکخراوەی ژنانی سەوزی فنلاند

ڕۆژی چوار شەممە بەرواری 2 / 3 / 2005 لیژنەیەك كە پێكهاتبوو لە هاوڕێ یان ( شەهلا ڕۆستەم، گولالە معروف، شیرین محمود ) وەك نوێنەرانی ڕێكخراوەی ئازادی ژنانی عیراق سەردانێكی ڕێكخراوەی ژنانی سەوزی فنلاندیان كرد. كە بەریز خاتوو ( Hatakka Elina )لیپسراوی ڕێكخراوی ژنانی سەوز پێشوازی لە نووینەرانی ڕیكخراوی ئازادی ژنانی عیراق كرد .

لەم دیدارەدا سەرەتا شەهلا ڕۆستەم قسەوباسێكی لە پەیوەند بە وەزعی سیاسی عیراق بە تایبەت وەزعی ژنان پاش ڕۆخانی حكومەتی بەعس كردو لە قسەو باسەكانیدا ئاماژەی بەوە كرد كە گۆڕەبەگۆركردنی حكومەتی بەعس هیچی لە ئازارو كێشەو گیروگرفتەكانی ژنانی عیراق كەم نەكردوەو بە پێچەوانەوە بەهۆی دەستەلاتی حزبە ئیسلامی یەكانەوە ژنان لەبارودۆخێكی زۆر دژوارتردا ژیان بەسەر دەبەن. بە تایبەت بەهۆی درێژە پێدانی شەڕو كوشتارو دەوری هەردوو بەرەی تیرۆریست ئەمەریكاو ئیسلامی سیاسی و پاشماوەكانی بەعسەوە ژنان لە برسیەتی و بیكاری و نائەمنی یەكی هەرچی زیاتر ڕەنج دەبەن. پەرەسەندنی ئیرهاب و تیرۆر بە شێوەیەكی گشتی ژنانی عیراقی دووچاری كارەسات و گیروگرفتی زۆر سەخت و دژوار كردوەتەوە. نموونەی بەرچاوی هێرشەكانی حكومەتی كاتی عیراق بۆ سەر ژیان و گوزەرانی ژنان وە بەهۆی حزبە ئیسلامی یەكانەوە لە ئاستێكی زۆر مەترسیدار خۆی نواند كە بەهەولدان بۆ گۆڕینی یاسای 1958 بۆ یاسای 137 نموونەیەكی زۆر بەرچاوی ئەو هێرشانە بوو بۆ سەر ژنان. بەلام خۆشحالانە بەهۆی ڕاوەستانەوەی بەرەی ڕادیكال و عەلمانیەت و بەرابەرخوازەوە حكومەت پاشەكشەی پێكراو ڕێگە نەدرا كە ئەو یاسا كۆنە پەرستانەیە دابسە پێنرێت !

شەهلا ڕۆستەم لە بەشێكی تری قسەو باسەكانیدا ئاماژەی بەوە كرد كە ئەو هەڵبژاردنە گاڵتەجاری یەی كە مانگیگ لەمەبەر لە عیراقدا ئەنجامدرا بە كردەوە ژنانی خستووتە بەردەم مەترسیەكی زۆر گەورەترەوە، چونكە بە پیٚ ی قسەو باسەكانی تا ئیستەی زۆربەی حزب و لایەنەكانی ئەم حكومەتەی عیراق لە ئایندەدا عیراق دەبێتە حكومەتێكی ئیسلامی لە چەشنی جمهوری ئیسلامی ئیران كە دیارە ئەمەش وەزعی ژنان چەند بەرابەر خراپتر دەكات، بۆیە بە دەر لەوەی كە ژنانی بەرابەرخوازو ئازادیخوازانی عیراق ریگە نادەن كە عیراق ببیتە ئیران و ئەفغانستانیكی تر هەروەها ڕێكخراوەكەی ئیمە لە عیراقدا لە سەنگەری ڕووبەڕوو بوونەوەو ڕاوەستانەوەیەكی لیبراوانەدایەو لە ئاستی نیونەتەوەیشدا ئەمڕۆ چالاكانە لەهەوڵی بەرپا كردنی كەمپینی جیهانیدایە بۆ داكۆكی كردن لە ماف وئازادیەكانی ژنانی عیراق. بۆیە دیارە وەك ئەركێكی ئینسانی و وەزیفەیەك كەبزوتنەوەی ژنان لەئاستی جیهاندا لەسەریەتی دەبێت داكۆكی كردن لە ماف و داخوازی یەكانی ژنانی عیراق ببیتە یەكێك لە ئەركە فەوری و گرنگەگانی هەموو ڕێكخراوەكانی ژنان و بەرەی بەرابەرخواز. بۆیە لەم بارەوە بەهیواین كەڕێكخراوەی ژنانی سەوزی دەورێكی باش وبەرچاوی هەبێت لە هاوپشتی وهاوخەباتی كردنی ژیانی عیراقدا تاپیكەوە لە سەنگەریكدا بتوانین پاشەكشە بەو یاساو دەستدریژیانە بكەین كەدەبنەهۆی چەوسانەوەی هەرچی زیاتری ژنان.

پاشان بەڕێز خاتوو ( Hatakka Elina ) سەرباری دووپاتكردنەوەی خۆشحالی خۆی بەم دیدارەو قسەو باسێك كە لەسەر وەزعیەتی ژنانی عیراق كرا هەروەها بەڵێنیدا كە نەك هەر ڕێكخراوەكەی خۆیان بەڵكو چەند ڕێكخراوێكی تریش بهێنێتە پشت داواكاریەكانی ڕێكخراوی ئازادی ژنانی عیراق و هەروەها بەلینیشیدا كە ئەو زانیاریانەی كە لەلایەن نوێنەرانی ئازادی ژنانەوە بەدەستی هێنانەوە لە كۆنگرەی پەكین دا بینخاتە ڕوو !

ڕێكخراوەی ئازادی ژنانی عیراق لە فنلاند

2005 / 3 / 3